تەنز

# پانۆراما(29)

ستیڤان شەمزینانی



## بەراورد

-دەسەڵاتی بەعس بەفیشەك دەیكووشتی، دەسەڵاتی كورد بەمەراقەوە لەناوتدەبات.

-دەسەڵاتی بەعس بەشەو تیرۆری دەكردیت، دەسەڵاتی كورد بەرۆژی ڕووناك.

-دەسەڵاتی بەعس ئەبوغریب و نوگرەسەلمانی هەبوو، دەسەڵاتی كورد قەڵاچوالان و ئاكرێ.

-دەسەڵاتی بەعس بەموخەریب تاوانباریان دەكردیت، دەسەڵاتی كورد بەتابووری پێنجەم و دەستی دەوڵەتان.

-دەسەڵاتی بەعس یەك سەركردەی پێویستی هەبوو، دەسەڵاتی كورد دوو سەركردەو سیانی شاگرد.

-دەسەڵاتی بەعس پیاوەكانی بەتەعال بانگیان دەكردیت، دەسەڵاتی كوردبە قەشمەر و سەرزل بانگت دەكەن.

-دەسەڵاتی بەعس دەسەڵاتی بەعس وەزیر و كاربەدەستەكانی جلی سەربازییان لەبەردابوو، دەسەڵاتی كورد كاربەدەست و وەزیرەكانی چاكەت و پانتۆڵ لەبەردەكەن.

-دەسەڵاتی بەعس بەعەرەبی جلْفە قسانی دەكرد، دەسەڵاتی كورد بەكوردیی پەتی دێتە دوان.

## ئایا بڕوا دەكەن؟

-مامۆستایەك وانەی مافی مرۆڤ دەڵێتەوە و بە خوێندكارەكانی دەڵێت حەیوان، هەچە....

-خوێندكارانی شەشەمی وێژەیی ئامادەییەك داوای گەشتی زانستییان لەبەڕێوەبەری خوێندنگەكەیان كردبوو.

-فیتەرێكی ناسراو هەیە لە سلێمانی، دوو وتاری لەسەر میشێل فوكۆ بۆ هەفتەنامەیەك ناردبوو.

-پار لەزیندانی کانی گۆمە لەسایەی دەسەڵاتی هەرێمدا کۆمۆنیست و ئیسلامییەك رۆژ تا ئێوارە پێکەوە شەترەنجیان دەکرد.

-موزەمیدێك هەیە لەعیادە لاکۆنەلاٌنەکەیدا جگە لەتەداوی، قاوەو و بەخت و دەستیش دەگرێتەوە.

-هەڵسوڕاوێکی ژنان لەلای شێخێك دوعای کردبوو تا مێردەکەی بەرامبەری دڵی نەرم بێت و چیتر لێی نەدات.

-لە ئاهەنگەکەی هونەرمەند جەمشید دا لەسلێمانی، هەندێك گەنج هاواریان دەکرد جەمشێر، جەمشێر.

-لەسلێمانی لەدوکانی سیدی فرۆشەکاندا ئەگەر داوای فیلمی ماترێکس 3 بکەیت، فیلمی هیندیی مەردت دەدەنێ.

-مامۆستایەك لای ژنەکەی وتبووی دەچم بۆ حەج، دوای دەرکەوت ئەو ماوەیە لەلوبنان لەشوێنە هینەکان بووە، ئێستا پێی دەڵێن حاجی لوبنان.

## وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

-لەکام وڵاتدا لەبیست و چوار سەعاتدا دووسەعات و نیو کارەبا هەیە (کۆنگۆ – ئەفغانستان - کوردستان).

-لەکام وڵاتدا گەندەڵی لەسەددا هەزارە؟ (کوردستان – بەنگلادیش - سریلانکا).

-لەکام وڵاتدا وەزیری حەوت موچە هەیە ؟ (تەنزانیا – کوردستان - رۆمانیا).

-لەکام وڵاتدا دوو کوێخا و سێ دەمڕاست و چوار ئاغا هەیە؟ (ئەسیوبیا – جیبۆتی - کوردستان).

-لەکام وڵاتدا حکومەتی بەحیساب عەلمانی و دەستوری ئیسلامی هەیە؟ (کوردستان – سۆماڵ - ئەریتریا).

-لەکام وڵاتدا دوو وەزارەتی دارایی و دوو هێزی نیزامی هەیە؟ (مۆریتانیا – کوردستان - تەیمور).

-لەکام وڵاتدا دوانزە کاریزماو یەك گەلی تەنیا هەیە ؟ (رواندا – چاد - کوردستان).

-لەکام وڵاتدا بیست دەزگای هەواڵگیریی وڵاتانی تر هەیە؟ (کوردستان – کینیا – مۆزەمبیق).

-لەکام وڵاتدا خەڵك لەزێدی خۆیدا ئاوارەیە ؟ (یەمەن – کوردستان- سودان).

## سرووده نیشتمانییەکان

-عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم
شێت و شەیدای دەسەڵاتم و بشزانە کە خەیاڵ نیم

-کوردستان نیشتمانی کورد بەرزو پیرۆزی سوێندت پێدەخۆم
بەڵێن بێت تامردن خێر و بێرەکەت بەناڕەوا بخۆم

-ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان
من هەر خەریکی گەندەڵی دەبم چش بادەنگی ناڕەزایەتیش بگاتە ئاسمان

-وا هاتن پێشمەرگەی مە جابك جابك پەهلەوان
هەرچی لەلاٌوتدا هەبوو گسکیان لێدا بۆ دیوی ئێران.

-ئەی کوردینە، ئەی مەردینە بادەست خەینە ناودەست هەموو
ڕیسی کوردایەتییەکەمان نەك خوری بووەتەوە بەپەموو.

## گفتوگۆی دوو ریشۆڵە

-ریشۆڵەی یەکەم: رۆژباش من ریشۆڵەی کوردستانم، ئەی جەنابتان؟

-ریشۆڵەی دووەم: باشتر، سوپاس، منیش ریشۆڵەی ئەوروپام، بەرەو ئێرە گەشتدەکەم.

-ریشۆڵەی یەکەم: نا، نا تۆچی دەکەیت؟ خۆ ئەجەلت نەهاتووە دێی بۆ وڵاتی قەزاو قەدەر؟

-ریشۆڵەی دووەم: کێشە نییە، تەنیا گەشتێکی چەند رۆژەیەو بەس.

-ریشۆڵەی یەکەم: ئەرێ بەراست لای ئێوە مۆلیدەی ئەهلی هەیە؟ ئەی کرێ پاس بەچەندە خۆگران نەبووە؟

-ریشۆڵەی دووەم: سۆری، هیچ تێنەگەیشتم.

-ریشۆڵەی یەکەم: ئەی لای ئێوە سێ مانگ جارێ بایعی دەدرێ؟ ئەی بیرم نەبوو مانگی 15 رۆژیش پشووە؟

-ریشۆڵەی دووەم: سۆ سۆری، بڕوا بکە، نازانم تۆ باسی چی دەکەیت.

-ریشۆڵەی یەکەم: لەوڵاتی ئێوە چل و دوو وەزیر و سێ هەزار رۆژنامەنووس و حەوت سەد شاعیر هەیە؟

-ریشۆڵەی دووەم: ئایا ناتوانی بەزمانێك قسەبکەیت منیش تێبگەم؟

-ریشۆڵەی یەکەم: لای ئێوە پۆلیس هەیە کۆنە بفرۆشێت؟ مامۆستا هەیە تویوتای بار هەڵگری پێبێت؟

-ریشۆڵەی دووەم: ئەرێ ئازیز تۆ باسی چی دەکەیت؟ نازانم، تێناگەم، من دەرۆم، بای.

-ریشۆڵەی یەکەم: تۆ جارێ بوەستە، هەزار و یەك پرسیارم ماوە، تۆ مەڕۆ..

-ریشۆڵەی دووەم: کات تەواو، بەئیمەیل بۆم بنێرە، ئەگەر بوار هەبوو وەڵامت دەدەمەوە.

Shamzini 79@hotmail.com